# جیابونەوەی کوردستان‌و پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆ، وەلامێکی گونجاو بە خواستی خەڵکی کوردستان!

سامان کەریم
Zaryak@yahoo.com

پلینۆمی چواردەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، کە بەبەشداری ژمارەیەك لە کادرانی حزب‌و بەرپرسانی رێکخراوە جەماوەرییەکان لە حوزەیرانی ئەمساڵدا، بەسترا، بەیاننامەیەکی سەبارەت بە " رێگا چارەی خەڵکی کوردستان لە هەلومەرجی ئێستای عێراقدا" بلاو کردەوە لە ژێر ناوی " ڕێگا چارەی گونجاوو کارساز بۆ خەڵکی کوردستان جیابونەوەو پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆی غەیرە قەومی‌و سکولارە". خواستی جیابونەوەی کوردستان خواستێکی بەرحەق‌و حاشاهەلنەگری خەڵکی کوردستانە، بەتایبەت ئەمڕۆ لە سایەی داگیرکەری ئەمەریکاو سایەکێشانی تیرۆریزم‌و سیناریۆی ڕەش بەسەر باقی شوێنەکانی کۆمەلگای عێراقدا، دەست ئاوەلابون‌و هێزگرتنی ئیسلامی سیاسی، لایە لایەکردنی ئەمەریکا بۆیان، هەروەها بونی حکومەتی قەومی–ئیسلامی لەسەرکار بەتایبەت کە سەرۆکی وەزیرەکەیان بیٚ هیچ شەرمێك تەنانەت بە موخالەفەت بە " قانونی مەرحەلەی ئینتقالی" خۆشیان ڕادەکەیەنێت کە عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب( رۆژنامەی سەفیری لبنانی 26ی‌تموزی 2004)ئەوەندی تر ئەم خواستەی لای خەڵکی کوردستان بەرجەستەتر کردۆتەوە. لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم مەسەلەکانی پەیوەندی ئەم سیاسەتەی حزب بە ئیستراتیژی حزب، حکومەتی کرێکاری، بۆ وەلامدانەوە بە هەلومەرجی ئێستای خەڵکی کوردستان و چارەسەری" مەسەلەی‌کورد"و گریٚ ئەصلیەکانی ئەمڕۆ کە خواستی جیابونەوەی کردۆتە خواستێکی هەمەگیری بیٚوینەی خەڵکی کوردستان، بۆچونە دژەکان بەرانبەر بەجیابونەوەو هەروەها میکانیزمی چۆنیەتی بەدەست هێنانی ئەم سیاسەتە، چەند لایەنێکی تر رۆشن دەکەمەوە.

## * *هەلومەرجی سیاسی، گریٚ ئەصلیەکانی ئێستا*

هەلومەرجی سیاسی ئێستای عێراق، بەگشتی بۆ خەلکی عێراق وە دنیا رۆشنە. بەلام باسی ئێمە ئەوەیە کە ئەم هەلومەرجە کەش‌و هەواو ڕێگری گەورەی لەبەردەم پێکەوە ژیانی خەڵکی کوردستان‌و باقی شوێنەکانی تری داناوە، ڕیگرییەکی گەورەی پیکهێناوە بۆ پێکەوە ژیانی ئینسانیانەو یەکسانانەی کوردزمان‌و عەرەب زمانەکان لەعێراقێکی یەکگرتودا. فاکتەرە سەرەکییەکانی ڕیگریبون خۆی لە چەند گریٚی ئەصلیدا دەبینێتەوە. شەڕی ئەمەریکاو داگیرییەکەی‌و سەرئەنجام لە پرۆسەیەکی کورت ماوەدا، پێدانی کەش‌و هەوایەکی ئاوەڵاو کراوە بۆ هێزگرتن‌و بەهیزبونی ئیسلامی سیاسی، پیدانی جیگاو ڕیگا لە بەرزترین پۆستەکانی حکومەتکردندا، باوەشێنکردنیان جارێك و لێدانی سەربازیان لەکاتێکی تردا، لغاوی ئەم بزوتنەوەیەو هێزەکانی بەتەواوی بەرداوەو وەك هێز‌و بزوتنەوەو یاریکەرێکی ئەصلی ئەمڕۆی گۆڕەپانی سیاسی عێراق دەوری خۆیان دەگێڕن. کۆکردنەوەی هێزو کەسایەتی قەومی‌و تائیفی‌و ئیسلامی‌و عەشائیری بۆ بردنە پێشەوەی پرۆژەی سیاسی خۆی لەعێراقداو سەرئەنجام پێکهێنانی حکومەتێك کە پێکهاتەکەی قەومی–ئیسلامی‌یەو ئەمەش لەسەر پایەی یاساو دەستورێك کە خەڵکی عێراقی دابەشکردوە بەپیٚی دین‌و قەوم وبەم پێیەش دەستورێکی کاتی قەومی–دینی کە تیایدا ئیسلام بالأدەستەو دینەکەی وەك دینی رەسمی قبولکراوەو خەڵکی عەرەب زمان وەك بەشێك لە نەتەوەی عەرەب پیناسەکراوە، دارشتوە، کە ڕاستەخۆ زەنگی خەتەرێکی گەورە لێدەدات بەگویٚی هەر ئینسانێکدا کە زەڕەیەك ویژدانی ئینسانی تێدا مابێت. لەسەر پایەی ئەم هەلومەرجەش بۆ پچڕینی بەشە دەسەلاتی زیاتر لە ئایندەی عێراقدا لە لایەك و کۆنە شەڕی ئیسلامی سیاسی‌و ئەمەریکا لەدوای یازدەی سیبتمبەرەوە لە لایەکی ترەوە عێراق‌و کۆمەڵگای عێراقی لەنێو بەرداشی تەقینەوەی جەنگی‌تائیفی‌و قەومیدا داناوە کە هەرۆژە لە کەرکوك‌و دەوروبەری کەرکوکدا ئیمە شاهیدی ئەوەین، لەلایەکی تریشەوە بۆتە گۆڕەپانی تەراتێنی جەنگی تیرۆریزمی دەولەتی ئەمەریکاو ئیسلامی سیاسی، کە قوربانیەکانی خەڵکی بێتاوان تا ئێستا لەم جەنگەدا لەسەروو سیازدە هەزار ئینسانەوەیە کە بەشێکی زۆریان منداڵن.

بەم پێیە گریٚ ئەصلیەکانی ئەم دەورانە لەگەل دەورانی پێشوو لە چەندڕووەوە جیاوازیان هەیە. پێش ڕۆخاندنی حکومەتی بەعس وەك حکومەتێکی قەومی عەرەبی فاشست لەلایەك‌و بوونی هەلومەرجێکی سەرگەردانی سیاسی لە کوردستان‌و دیارنەبونی قەوارەی

جوگرافیای–سیاسی کوردستان، دووگریێی ئەصلی ئەوکاتە بوون کە ئیمە دیسان جیابونەوەی کوردستان‌و پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆمان تێدا مەترح کردبوو. بەلام ئەمرۆ سەرەڕای ئەوەی کە حکومەتی بەعس ڕوخاوە بەلاَم خاڵی ئەصلی ئەویش کە " مەسەلەی کوردە" واتە بونی زوڵمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کوردزمان، ئەگەرچی لە ئێستادا بەمانای دیاریکراوو تەعینکراوی ئێستا، ئەم ستەمە وجودی نیە، بەلاَم گرەنتی نەگەڕانەوەی هەل‌ومەرجی پێشوو، واتە نە سەپاندنەوەی ستەمی قەومی لە گۆرێدانیە لە لایەك‌و لە لایەکی تریشەوە بەرامبەر بە ستەمی قەومی تەنها یەك ڕیگا هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەویش مافی یەکسان. ئەم مافەش تەنها لە دووحالەتدا مەیسەر دەبیت، یان جیابونەوەو پیکهێنانی دەوڵەتیکی سەربەخۆ، وەکو مافێکی حاشاهەلنەگری خەڵکی کوردستان لە هەر هەلومەرجێکدا، یان پێکەوە ژیانی یەکسانانەی تەواوی خەڵکی عێراق لەسایەی  حکومەت‌و دەستورێکدا کە قەومیەت نەناسێت، و هاوولاتیانی عێراق لەسەر پایەی هاوولاتیبون پێناسە بکات. فیدرالیزم وەلاَمی ئەم مفە نەك ناتوانێت بداتەوە، بەلکو کێبەرکێی قەومی‌و ئاپارتایدی قەومی توندتر دەکاتەوە لەسەر پایەی پێناسەی قەومی. هەر بۆیە خەڵکی کوردستان لە چاوەڕوانی‌و دڵە راوکێیەکدا دەژین‌و  هەروەها  خواستی جیابونەوەش بۆتە خواستێکی هەمەگیری خەلکی کوردستان. ریگڕی دووەم کە حالەتی سەرگەردانی سیاسی بوو، ئەمڕۆ نەماوە، بەلاَم هەلومەرجی ئێستای عێراق بەجیا لە کوردستان بەتەواوی هەلومەرجێکی سەرگەردانەو غەرقی سیناریۆی ڕەشەو بۆتە جێگای رمبازێنی تیرۆریستیانەی ئیسلامی سیاسی‌و ئەمەریکاو خەریکن جەنگی خۆیان لێرە تەواو دەکەن. من پیم وابێت ئەم فاکتۆرەیان فاکتۆریکی بەهیز ترە لە وجودی سەرگەردانی سیاسی کوردستان کە پێش روخاندنی حکومەتی بەعس لە ئارادا بوو، بۆ جیابونەوەی کوردستان. ئەمڕۆ بۆ ئەوەی ستەمی قەومی لەسەر خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی بنەبڕکراو کۆتایی پێبێت‌و خەڵك لە چاوەڕوانی رزگاریان بێت‌و هەروەها بۆئەوەی دەرگیرو تێکەلاَو نەبن بە سیناریۆیەکی ڕەش کە لەعێراقدا سایەی کێشاوە، وە بۆ پێش گرتن بە ڕودانی شەڕی قەومی کە هەموو لایەنە قەومیەکان ئاگری بۆ خۆش دەکەن. جیابونەوەی کوردستان یەك خواستی ئینسانی‌و وەلامێکی گونجاوە بە ویست‌و داوای چەند ملیۆن ئینسان لە کوردستاندا.

## *** جیابونەوەی کوردستان، وەلاَمی مومکنی ئێمەیە !**

مەنصور حکمەت لە حوزەیرانی ساڵی 1995دا نوسی" سەربەخۆیی کوردستانی عێراق لە ڕوانگەی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە، یەکەمین هەڵبژاردن نیە، وەلاَمی یەکەمی ئێمە بە مەسەلەی میللی لەگشت ناوچەکەدا شۆرشی کرێکارییە"( لە پێناوی بەرگریکردن لە خواستی سەربەخۆیی کوردستانی عێراقدا–وەرگێرانی سەعید ئەحمەد، ئۆکتۆبەر 90). شۆرشی کرێکاری و بەسەرئەنجام گەیشتنی ئەم شۆرشەو دمەزراندنی حکومەتی کرێکاری، وەلاَمی ئەصلی و ئیستراتیژی ئیمەیە بە چارەسەری کێشە نەتەوایەتیەکان‌و هەموو ستەم‌و چەوسانەوەیەکی چینایەتی‌و جنسی‌و ئاینی.... بۆ ئیمە کۆمۆنیستەکان باشترین هەلومەرج بۆ چارەسەری ئەم کێشانە ئەم شۆڕشەیە، کە تیایدا سنوری نیوان ئیسنانەکان لەسەر پایەی نەتەوە، جنس، ئاین، رەنگی پێست... بۆ هەتاهەتایە نامێنێت، بەم پێیەش نەك تەنها سنوری نێوان ئینسانەکان بەڵکو سنوری وولاتان مانایەکی نامینێت. نەتەنها حکومەتی کریکاری بەڵکو ئێمە حاڵەتێکی تریشمان لە بەردەمدایە، ئەویش بونی دەولەتێك کە تیایدا ئینسان لەسەر پایەی نەتەوەو دین پێناسە نەکرێت، بەلکو لەسەر پایەی مافی هاوولاتی بونی یەکسان پێناسەی ئینسان بکات، وولاتێك کە دەستوری هەمیشەیی خۆی دەستورێکی سکولارو غەیرە قەومی بێت. لەم حاڵەتەشدا بۆ ئیمە وەك حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق جیابونەوە لە دەستوردا نابێت( سەرەڕای ئەوەی کە مافی جیابونەوەی خەلکی کوردستان لە هەموو حالێکدا لە رێگای ریفراندۆمێکەوە  بەرەسمی دەناسین) مەبەست ئەوەیە کە لە هەردوو حاڵەتی سەرەوەدا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەنگ نادات بە جیابونەوە وەسیاسەتی جیابونەوە لەدەستوری کاریدا نابێت، بەلاَم ئەگەر خەڵکی کوردستان سەرەڕای هەوڵ‌و تێکۆشانی ئێمە بۆ مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا دەنگیان دا بە جیابونەوە، ئەوا حزب ئەو مافەیان وەك ئەصلێکی خۆی بەرەسمی دەناسێت. ئیمە لەبەرنامەی دنیایەکی باشتردا نوسیومانە"حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق وەکو مەبدەئێك، مافی جیابونەوە لە عێراق‌و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ڕێکای پرۆسەیەکی هەلبژاردنی ئازادو گشتی‌یەوە بۆ خەڵکی کوردستان بە ڕەسمی دەناسی‌و هەر جۆرە هەنگاوێکی قەهراوی‌و سەربازی بۆ بەرگرتن بەم هەڵبژاردنە ئازادانەیە بە توندی مەحکوم دەکات.( دنیایەکی باشتر بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، لا44).

بەڵام ئێستا( بەمانای دیاریکراوی ئێستا) لە عێراقدا ئێمە ڕوبەڕوی هەلومەرجێکی شۆڕشگێرانە نین کە مەسەلەی شۆڕشی کرێکاری لە دەستوری هەر ئێستاو ئەمڕۆی چینی کرێکارو خەڵکی ناڕازی عێراقدا بێت،، بەمانایەکی تر دەرگیری ڕاستەوخۆ لەگەڵ خودی شۆڕشدا نین، لە لایەك‌و لە لایەکی تریشەوە، لەئەنجامی بالاگرتنی ئیسلامی سیاسیی‌و هاتنە سەرکاری حکومەتێکی کۆنەپەرستی قەومی–ئیسلامیەوە، پیکهێنانی دەولەتێکی سکولارو غەیرە قەومی لە عێراقدا لە مەوادیەکی نزیکدا ڕێگری جدی لەبەردەمدایە. بەم پێیە ناکرێت چارەنوسی چەند ملیۆن ئینسان لەکوردستان بە هەڵواسراوی بهێلینەوەو وەلامەکەمان هەمان حوکمی گشتی و چارەسەری خوازراوو مەتلوبێت کە ئاماژەم پێکردن. مەسەلەی ئێستا ی خەڵکی کوردستان وەلامێکی فەوری دەوێت، وەلامی فەوریی‌و چارەسەری ممکن و دیاریکراو بەپێی کات‌و شوێنی دیاریکراو مەیسەر دەبیت و لەحوکمی گشتیی‌و مەبدەئی دەردەچێت. وەڵامی فەوری ئێمە بە داوای خەڵکی کوردستان، جیابونەوەو پێکهێنانی دەولەتێگی سەربەخۆی سکولارو غەیرە قەومیە لەکوردستاندا.

جیابونەوەی کوردستان و پیکهێنانی دەولەتێك لەکوردستاندا، هەنگاوێکی پێشرەو ئینسانیە لە راستای پێش گرتن بەشەڕی قەومی و فراونبونەوەی دامێنی ئاپارتایدی قەومی و رق‌و کینەی قەومی، پیش گرتنە بەلێك ترازانی تەواوی هەر رایەل‌و پۆیەك کە تا ئێستا ئەگەر مابیت لەنیوان خەڵکی کورد زمان‌و عەرەب زماندا، ئەمڕۆ ئاستی رق‌و کینەی قەومی گەیشتۆتە جیگایەك کە لەشاری کەرکوك‌و دەوربەریدا دیاردەی " کوردفۆبیا" پەیدا بوە، واتە ترس لەکورد، هەروەك چۆن پێشتر لەم ناوچانەدا " عەرەب فۆبیا" هەبوو. هەروەها لە ئێستادا وە تەنانەت پاش ڕوخاندنی حکومەتی بەعس، ئێمە ڕەوتی قولبونەوەی کێبەرکێی قەومی لەنێوان بزوتنەوەی چینی کرێکاردا بەشێوەیەکی ئاشکرا دەبینین، قەومیەت‌و قەوم پەرستی لەنێو ئەم چینەشدا، جێگای خۆی داوە بە هاوپشتی و هاودڵی یەکگرتووی ئینسانیی‌و چینایەتی، ئەوان لەجیاتی ئەوەی خەباتی خۆیان یەکگرتوو رێکخراوبکەن لە پێناو مافە سیاسیەکانی خۆیان وەتەنانەت لە پێناو بردنە سەری ئاستی گوزەرانی خۆیان خەریکن شەڕی سەندیکای کوردو عەرەب‌و تورکمان دەکەن، وە ئامادەن لە ژێر ناوی کوردبون‌و عەرەب بوندا، خواستەکانی خۆیان بەرنە کەنارەوە، تەنانەت ژنانێك کە بەهەر شێوەیەك بێت بۆ خواستەکانی خۆیان هاتونەتە مەیدان بەڵام لەبەرامبەر مەسەلەی هەستی نەتەوایەتیدا زرۆ ئاسان مافە سەرەتاییەکانی خۆیان دەخە ژێر پێوە. تەفرەقەو زوڵمی قەومی وسیاسەتی شوفێنیانەی حکومەتی بەعس و باوەشێن کردن‌و بەهێزو کردنی کێبەرکێ‌و هەستی نەتەوایەتی لەلایەن هێزە کوردیی‌و تورکمانیەکانەوە، خەنجەرێکی ژەنگاوی داوە لە هاوپشتی چینایەتی و شوناسنامەی ئینسانی ئینسانەکان. بۆ پیش گرتن بەم کێشەو کێبەرکێیانە وە بۆ کەمکردنەوەی ئاپارتایدی قەومی، وەهەروەها بۆ بەهێزکردن‌و فراوانبونەوەی ڕەوتی سکولارو مەدەنیەت، پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆی سکولارو غەیرە قەومی لەکوردستاندا، کۆمەکی گەورە دەکات بە پەرە گرتنی دامێنی سکولاریزم‌و هیۆرکردنەوەی کێبەرکێی نەتەوەیی لە عێراقدا. ئەوکات خەلکی عەرەب زمان لەعێراقدا وە خەڵکی کورد زمان لە دەولەتێکی سەربەخۆدا، هەریەکەیان بە جیا لە مۆتەکەی شەڕی قەومی وکینەو رقەبەرایەتی قەومی دەڕواننە یەکتری، ئەوکات، کریکاران لە هەردوو وولاتدا ڕوبەڕوی یەك چەوسانەوە دەبن، ئەویش بەشێوەیەکی ڕوون‌و ئاشکرا چەوسانەوەیەکی چینایەتی دەبیت، تەنانەت ئەگەر کوردستان جیاببێتەوەو دەولەتی جێگا نیازی ئیمە لە هاوسەنگی هێزیکدا بەسەرکەوتن نەگات. بۆیە جیابونەوەی کوردستان وەپیکهێنانی دەولەتێك تیایدا کۆمەکی گەروە دەکات بە تەواوی خەڵکی عێراق، بەعەرەب‌و کوردو تورکمان‌و... لایەنی کەم موسیبەت‌و شەڕی قەومیان لە گەردن دەکاتەوە، لایەنی کەم تەفرەقەو کینەو بوغزی قەومیان لەبیر دەباتەوە، لایەنی کەم کرێکاران ئەوکات بەشێوەیەکی ئۆبژەکتیڤ تر دەڕواننە مەسەلەی خۆیان وەك مەسەلەیەکی چینایەتی بەبێ تەپ‌و تۆزی قەومیگەریی‌و نەتەوەپەرستی. ئەمە مەسەلەیەکی جدیـیە. ئەرکێکی ئەصلی ئێمە کەمکردنەوەی قینەو بوغزی قەومیە، وە دانانی هاوپشتی و هاودڵی ئینسانی وچینایەتیە لەجیگای پراتیك کردن‌و بیرکرنەوەی نەتەوەپەرستی. بەبڕوای من لە ئەمڕۆدا جیابونەوەی کوردستان ئەم مەسەلەیە جێبەجێدەکات.

بەبڕوای من تەواوی مەسەلەکە لەوەدا دەبڕێتەوە، کە هێزی ئەصلی بۆ گەیشتن‌و جێبەجێکردنی جیابونەوەی کوردستان کام هێزەیە. ئەگەر کۆمۆنیزمی کرێکاریی‌و حیزبەکەی ، ڕابەرو ڕێکخەرو ئاراستە پێدەری بزوتنەوەیەکی گەورەی کۆمەلایەتی بن، بەدەروی ئەم خواستەدا، ئەگەر ڕابەرانی لە مەیدانی جۆراوجۆری بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکانی نێو کۆمەڵگای کوردستان، ڕابەرو ریکخەربن... وە بەم پێیەش جیابونەوەی کوردستان لەسایەی گەشەو بەهێزبون‌و قوترەتمەندبونی کۆمۆنیزمی کرێکاریی‌و حزبەکەیدا بە ئەنجام بگات،

ئەوكات بەبڕوای من یەكێك لە گەورەترین هەنگاوەكانمان بڕیوە بۆ گەیشتن بە سوشیالیزمو دامەزراندنی حكومەتی كرێكاری، لە شوێنێكی دنیادا كە نێوی كوردستانە.

## * ڕێگرەكانی بەردەم جیابونەوە

خواستی جیابونەوەی كوردستانو پیكهێنانی دەولەتێك تیایدا خواستی هەمەگیری خەڵكی كوردستانە، تەنانەت كار گەیشتۆتە ئەوەی خۆپیشاندان بۆ ئەم مەبەستە بەریبخرێت. بەبڕوای من خەڵكی كوردستان چاك هەلومەرجەكەیان دیاریكردوە. هەلومەرجی سیاسی جیهانیو ناوچەییو ناوخۆیی ئێستا هەرگیز بەم شێوەیە لەبار نەبوە بۆ جێبەجێكردنی ئەم خواستە. هیزەكانی بزوتنەوەی كوردایەتی پڕوپاگەندەی ئەوەدەكەن، كە هەلومەرج لەبار نیە بۆ جیابونەوە، بەلام هەرگیز بە هیچ بەنی بەشەرێكیان نەوتوە، ئەو هەلومەرجە لەبارە كامەیە لەڕوانگەی خۆیانەوە. بۆیە من وە هەركەسێكی تر مافی خۆمە كە بەپێی سیاسەتو بەندو بەستی ئەوان بە "مەسەلەی كورد"ەوە لێكدانەوەی خۆم بكەم لە سەر پڕوپاگەندەی ئەوان. ئەوان مەبەستیان ئەوەیە لە ئێستادا ئەمەریكا گلۆپی سەوزیان بۆ دابگیرسێنێت، بۆ ئەمەش تەنانەت نەك بە ئاشكرا بەڵكو بە بەندو بەستو لە ژێرەوە، ترسی ئەوان هەمیشە ڕەئی خەڵكی كوردستانو هاتنە مەیدانی ئەوان بوە، ترسی ئەوان هەمیشە ڕاپرسی بوە بەخەڵكی كوردستان. هەر ئاستێك لە وەگەرخستنی ئیرادەی خەڵك بۆ ئەوان قابیلی قبول نیە، تەنانەت ملیان بە ریفراندۆمی رۆشنبیرە ناسیونالستەكانی خۆشیان نەدا، ترسیان لەوەبوو لە دەستیان دەربچێت، سەرەڕای ئەوەی كە سودێكی باشیان لێ بینی.

ڕیگرییەكان جۆراوجۆرن وەكو هەر دیاردەو مەسەلەیەكی گرینگی كۆمەلایەتی كە پەیوەندی هەیە بە چارەنوسی ملیۆنەها ئینسانەوە. بەلاّم ئەمڕۆ ناسیونالیزمی عەرەب لایەنی كەم تا ئێستا نەبۆتەوە دەسەلاتدار، ئیسلامی سیاسی كێشەی جدی لەبەردەم دایە، لەگەل ئەمەریكا جەنگی مانو نەمانی هەیە، دەسەلاتێكی سەركوتكەرو بەهیز وجودی نیە لە عێراقدا، وەتەنانەت بەشێكی زۆری هێزی ئەم دەسەلاتە، بەهۆی هەردوو حزبی كوردییەوە مسۆگەر بوە. جمهوری ئیسلامی ئێران دەرگیرە لەگەل گەورەترین ئەزمەی سیاسی خۆیدا، خەڵكی ئیران بەرامبەریان لێگرتوە. لە بەرامبەر هێزی توركیادا وەمەودای دەخالەتیدا موبالەغەیەكی زۆر دەكەنو پاشان سەرۆكی پارتی ووتی ئەگەر بێنە نێو كوردستانەوە ئەبێت بەسەر لاشەكانمانەوە بڕۆن، ئەوە بۆكەی هەلدەگیرێت.. مەبەست ئەوەیە كاتێك باسی جیابونەوە دەكرێت، ئەوان هۆیەك دەهێننەوە كە لە شوێنێكی تردا هەمان هۆ ڕەتدەكرێتەوەو خەڵكی لەسەر بەكوژدەدرێت. هەلومەرجی جیهانی و كەلێنی نیوان وولاتانی زلهێزی ئەوروپا( جگە لە بەریتاینا)و ئەمەریكا قەلشتێكی گەورەیە، هەروەها نیوان روسیاو ئەمەریكا، وولاتانی عەرەبی خۆیان دەرگیری گەورەترین ئەزمەی سیاسیو ئابوری نێو خۆیان. ئەمانە كۆمەڵە فاكتەرێكی یارمەتیدەرنو ئەم هەلومەرجە هەروا نامێنێتەوە. بەلام سەرەڕای ئەوانە هیزەكانی بزوتنەوەی كوردایەتی گەورەترین ڕێگری پیك دەهێنن لە بەرامبەر جیابونەوەی كوردستاندا. ئەوان ملی خۆیان داوەتە دەست ئەمەریكاو، ئەمەریكاش بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی هێزەكانو بردنە پێشەوەی سیاسەتەكانی لە عێراقدا پلەدوویی فەرزدەكاتەوە بەسەر خەڵكی كوردستاندا. سەركردایەتی بزوتنەوەی كوردی چەندە وەفایان لە شاهی ئێرانو صدام بینی هەر ئەوەندە لە ئەمەریكاشی وەردەگرن، جارێ كاتی نەهاتوە. بەلام موسیبەت ئەوەیە كە كاتی هات خەڵكی كوردستان دەبنە قوربانی وەك گشت جارەكانی تر.

سەرەڕای ئەم ڕاستیانە هەردوو حزبی بزوتنەوەی كوردایەتی، ڕیگری جدین، لەبەرامبەر جیابونەوەی كوردستانو تەنانەت لەبەرامبەر ڕاپرسی خەڵكی كوردستاندا. ئەوان بەهەوای زوڵمی قەومیو مانەوەی " مەسەلەی كورد" وەك مەسەلەیەكی چارەسەرنەكراو، سیاسەتیان دەچەرخێت، بەبێ ئەمە ئەوان دەكەونە بەردەم لیپرسراویەتی ژیانو مەعیشەتو ریفاهی خەڵكی كوردستانەوە دەكەونە بەرامبەر دژایەتی نێوان فەرهەنگی بزوتنەوەی كوردایەتیو فەرهەنگی پێشكەوتوخوازی خەڵكی كوردستانەوە، دەكەونە بەرامبەر ڕەوتێكی سكولارو مۆدیرنەوە، كە هەر ئێستا لە كوردستاندا دەبینرێت.

ڕیگری تر هەنو ژمارەیان كەم نین، بەلام هەموو ئەو ڕیگریانە هەر ئێستا لە بەرامبەر فیدرالیزمیشدا هەن. سەرنج بدەن لە هەراو هوریای توركیاو سوریاو ئیران، تەنانەت وولاتانی عەرەبی تر لە پەیوەند بە فیدرالیزمەوە، سەرنج بدەنە ئیسلامی سیاسی، لە سیستانیەوە بگرە، تاكو دەگاتە دروشمە كۆنەپەرستەكانی باندی صەدر، تەماشای ناڕەزایەتی تەواوی ئیسلامی سیاسی بكەن، بە قانونی مەرحەلەی ئینتقالی... هەموو ئەمانە ناڕەزایەتی بوون بە فیدراڵیەت. بۆ هەریەك لەمانە كۆسپو ڕیگری جۆراوجۆر هەن، 

ساڵە لە ژێر ناوی " لابردنی ستەمی نەتەوایەتیدا" خەڵکی کوردستان بە کوشت دەدرێن‌و ئەنفال و کیمیایی باران دەکرێن‌و ئیعدام‌و زیندانی دەکرین‌و ڕادەگوێزرین‌و تەعریب دەکرێن، بۆ ئۆتۆنۆمی، کە هیچ دەدرێکی دەرمان نەکرد. بەلام باسی ئێمە ئەوەیە بۆ یەکجار بۆ هەتا هەتایە ئەم برینە ساریژ بکرێت‌و خەڵکی کوردستان لە ژێر ناوی " کوردبون"دا زولمیان لێنەکرێت. جیابونەوەی کوردستان وەلامێکی ئینسانی‌و فەورییە بەم خواستەی خەڵکی کوردستان.

## * ریفراندۆم میکانیزمێك بۆ جێبەجێکردنی جیابونەوەو پێکهێنانی دەولەت لەکوردستان

" حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەرجۆرە چارەسەرێك لەبارەی ئایندەی کوردستانەوە کە بیٚ گەڕانەوە بۆ ڕای گشتی خودی خەڵکی کوردستان وتەنها لەسەر بناغەی بڕیاری دەوڵەتی مەرکەزی وەیان ڕیککەوتنی سەروخەڵکی نێوان دەوڵەت‌و حیزبە محەللی‌یەکان پیادە بکرێت بە نامەشروع‌و نا قانوونی دادەنێت" ( بەرنامەی دنیایەکی باشتر ) . ستەمێك کەهەیە لەسەر خەڵکی کوردستانە، ئەگەر کۆسپ‌و ڕێگری هەیە ئەوە کۆسپ‌و ڕێگری بەردەم خەڵکی کوردستانە، ئەگەر چاوەڕوانی‌و ترس‌و دلەڕاوکیٚ هەیە، ئەوە خەلکی کوردستانن، ئەگەر شەڕی شاخەو شەڕی شارە ئەوە قوربانیەکانی ڕۆلەکانی خەڵکی کوردستانن، دەیان هەزار ئەنفال‌و کیمیابی بارانکراوو ئیعدام ئەوە هەمووی خەڵکی کوردستانن، ئەحزابی سیاسی نین. ئەحزابی سیاسی، ئەحزابی گرتنی دەسەلات ولەسەر ئەمە خەبات دەکەن‌و دەجەنگن، هاوسەنگی هێز ئەمە دەبڕێنێتەوە، وە ئەوە مافی ئەحزابی سیاسیە، کە ململانیٚ وە خەباتی سیاسی خۆیان بەرنە پێشەوە، بۆ دامەزراندنی حکومەتی  جێگا نیازی خۆیان. لە ئەوروپا ئەم خەبات‌و ململانێیە لە فەزایەکی دیمکراتی‌و ئاوەلادا پراتیك دەکرێت‌و حزبیك یان چەند حزبیك بە بەرنامەی دیاریکراوەوە دەیباتەوەو دەبیتە حوکمڕان. بەلاْم چارەنوسی سیاسی کۆمەڵگاکە بەدەست حزبێکەوە نیە، تەنانەت چونە نێو ئەوروپای یەکگرتو بەدەست حزبێك یان چەند حزبیکی دەسەلاتداروە نیە، هەموو ئەوانە پێویستیان بەوەهەیە کە کۆمەلگا بەگشتی قسەی خۆی بکات، وەمیکانیزمی ئەمەش راپرسی گشتی‌و ئازادانەیە"ریفراندۆم". پەرلەمان لێرەدا وە لەئەوروپادا کە هەم جیکەوتنی سوننەتی پەرلەمانی و ئاستی نەزاهەتی پرۆسەی هەلبژاردنەکەی قابیلی بەراورد نیە لەگەل کوردستان، بۆ ئەم مەسائیلانە ناتوانێت جێگەی کۆمەلگا بگرێتەوە. بەتایبەت لەکوردستان، پەرلەمان هەر مانای نیە، بەبیٚ بونی مافی حاکمیەت لەئاستی نیو نەتەوەیدا پەرلەمان، جگە لە هەلخەلەتاندنی خەڵك شتێکی ترنیە. بەتایبەت پەرلەمانی کوردی کە خۆشیان گاڵتەی پێدەکەن، بوە بەلیرەی رەشاد تا کۆنتربێت قیمەت زیاتر دەکات.

ریفراندۆم، ئەو میکانیزمەیە، یان  شێوازەیە کە بەهۆیەوە خەلکی تەمەنی باتر لە 16 سالْ رەئی خۆیان دەدەن، لە پەیوەند بە دوپرسیارەوە، مانەوە لە چوارچیوەی عێراقدا بە مافی یەکسانەوە( ئەمەیان بۆ هەل‌ومەرجێك دەبیت کە واقعەن دەستوری عێراق وە دەولەتی عێراق مافی یەکسانی هاوولاتیبونی بەرەسمی ناسیبێت‌و حکومەتێکی قەومی نەبێت) کە وانیە ئیتر پێویستە بنوسرێت مانەوە لەچوارچێوەی عێراق، یان جیابونەوەو پیکهێنانی دەولەتێك. هەر کەسێك لەم نێوەدا یەك دەنگ دەدات بەجیابونەوە یان بەمانەوە. ئەصلی مەسەلە، ئەوەیە خەڵك دەنگ دەدات بۆ چارەسەری کێشەیەك، لە سوید دەنگدان کرا بۆ پەیوەست بون بە دراوی یۆرۆوە، وە خەلکی سوید دەنگی دا بەوەی کرۆن بمێنیتەوە یان پەیوەست بن بە دراوی یۆرۆە، یۆرۆ دۆڕاندنی. ئیتر لێرەدا باسێك نیە لە رێگای بەیناو بەینی‌و نیوە ناچل، ئەصلی را پرسی بۆ چارەسەری کێشەیە، نەك بۆ بڕینی ئاستێك( دیارە ئەمە بۆ فیدرالیەت ناگونجێت، چونکە هیچ ئاست‌و پلەیەك نیە لە جیابونەوە بەڵکو دژیەتی). ریفراندۆم میکانیزمی دەخالەتکردنی خەلکە لە بڕانەوەی مەسەلەیەکدا کە پەیوەندی هەیە بە چارەنوسی کۆمەڵگاوە. ئەمرۆ مەسەلەی مانەوە یان جیابونەوەی کوردستان مەسەلەی هەموو خەڵکی کوردستانە، هی دوو حیزب نیە، هی هەموو حیزبەکانیش نیە، بەڵکو باس‌و قەزییەکی هەمەگیری کۆمەلگایە لەکوردستان. بەم مانایە ریفراندۆم میکانیزمی دەخالەت کردنی کۆمەلگایە لەدیاریکردنی چارەنوس‌و ئایندەی خۆیدا. هەرکەس‌و لایەنێك پێش بەم میکانیزمە بگرێت، ڕاستەوخۆ مانای پێشگرتنە بە ئیرادەو رەئی خەڵکی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنوس‌و ئایندەی خۆی.

ریفراندۆم لەهەمان کاتدا سیاسەتێك نیە، بەلکو میکانیزمی جێبەجێکردنی سیاسەتێکە، کە ریفراندۆم بو بە سیاسەت واتە کە وەسیلە یان میکانیزم جیکای ئامانجی گرتەوە، ئەوکات دەبێت بە کالتەجاری، هەر ئەوەی کە رۆشنبیرە کوردەکان پیٚی هەستان. ئەوان ریفراندۆمیان نەویست بۆئەوەی سیاسەتێکی پیٚ جێبەجێبکەن، بەلکو خودی ریفراندۆم خۆی بو بو بە سیاسەت‌و وەسیلەی جێبەجێکردنی سیاسەتێکی شارەواتر، هەر بۆیە سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکی هێجگار زۆر خەڵك دەنگی دا بە ریفراندۆمەکەیان، بەلام

**لە هەمانكاتدا، جێگای باوەڕی خەڵك نەبوو، خەڵك بەگومانەوە تەماشای دەكرد. مەسەلەكە ئەوە نەبوو، كە لە ناوچەی سلیمانی و لە لایەن شێركۆ بێكەسەوە دەستی پێكراوە، بەڵكو خەڵك لەوە هوشیارتر بوو، دەیانزانی كە ئەمە میكانیزمی قەزییەكی شاراوەیە پەیوەندی نیە، بە ئەصلی مەتلەبی خۆیانەوە، بەڵكو خەریكن مەتڵەبی ئەحزابەكانی پیٚ جێبەجێبكەن، وە تاڕادەیەك ئەم كارەیان كرد. ریفراندۆمێك ئیمە كاری بۆ دەكەین، وایە راپرسیەكە بۆ مانەوە یان جیابونەوەیە، بەلام بۆ ئیمە لەمڕۆدا ریفراندۆمی ئێمە لەهەمانكاتدا بۆ جیابونەوەی كوردستان‌و پێكهێنانی دەوڵەتە تیایدا.**

**خالێكی تر گرینگە لێرەدا ئاماژەی پێبكەین، ئەویش دەوڵەتی سكولارو غەیرە قەومی‌یە، هەروەك لە بەیاننامەی كۆمیتەی ناوەندیدا كە لەسەرەتای وتارەكەدا ئاماژەم پێكردوە، هاتوە. دەوڵەت وە حوكمڕانی‌و شێوەكەی‌و ناوەڕۆكەكەی بە ریفراندۆم جێبەجێناكرێت، ریفراندۆم میكانیزم‌و وەسیلەی جێبەجێكردنی بردنەوەی دەوڵەت نیە بۆ هیچ هێزێك‌و لەمێژووشدا ئەوەندەی ئاگاداربم شتی وا ڕوی نەداوە. بەلام ئیمە لەهەمانكاتدا باسی جۆرو شێوەی دەوڵەتی خۆمان دەكەین، لەوێدا دەڵیین ئەگەر ئێمە دەسەلاتدارببین لە دەوڵەتی تازە پێكهاتوو لەكوردستاندا، ئەوا ئێمە حكومەتێكی سكولار وە غەیرە قەومی پیك دەهێنین، دەستوری ئێمە مافی هاوولاتیبونی یەكسان بەرەسمی دەناسێت، باسی كوردو توركمان وئاشور... لە دەستوری ئێمەدا نابێت. هەموو خەڵكی كوردستان، هەموو ئەوانەی كە لەكوردستاندا دەژین لە مافی یەكسان بەهرەمەند دەبن. دەلێین، دەوڵەتی ئێمە وە حوكمڕانیەك كە ئیمە دەیكەین، هیچ دینێك بە رەسمی ناناسێنێت وەك دینی رەسمی دەولەت. دین كاری تایبەتی تاكە، دینی هەیە، یان نیەتی ئازادە، ئەمە بەجیا لەمافەسیاسی‌و مەدەنیەكان‌و یەكسانی نێوان ژن‌و پیاو هەڵوەشاندنەوەی حوكمی ئیعدام‌و.... بەلاٚم بڕانەوەی ئەم مەسەلەیە ئیتر پەیوەندی هەیە بە هاوسەنگی هێزی نێوان هێزە سیاسیە دەرگیرەكانەوە، وە لەدوایین لێكدانەوەدا، هێزێك دەیباتەوە كە سیاسەت‌و بەرنامەو خواستەكانی كردبێتە حالەتێكی كۆمەلایەتی فراوان‌و لە ریزی پێشەوەی خەباتەكەیدا قەراری گرتبێت. كەوایە خودی ریفراندۆم پەیوەندی نیە بەجۆرو شێوەی دەوڵەتێكەوە كە لەكوردستان پێك دێت. بەتایبەت ئەمەیان كاری دوای جیابونەوەیە.**